National Endowment for Democracy
*Supporting freedom around the world*

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی بیست و یەك: گرفتەکانی مامۆستایانی وانەبێژ و گرێبەست

**حوزەیرانی** 2019

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/7/2019

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | پاری یەکەم: مامۆستایانی وانەبێژ<br>رای فێرخوازان لەبارەی ئاستی زانستی مامۆستایانەوە |
| 9 | مامۆستایانی وانەبیژ و جیاکاری لەنێوان فێرخوازان |
| 10 | هەڵسەنگاندنی فێرخوازان بۆتاقیکردنەوەکانی مامۆستایانی وانەبێژ |
| 10 | قوتابخانە و خوێندنگەکان تا چەند هاوکاری مامۆستایان بون؟ |
| 11 | رای مامۆستایانی وانەبیژ لەبارەی مامەڵەی بەرپرسانی پەروەردە |
| 11 | ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبێژ لە روانگەی بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە |
| 12 | وەڵامی بەڕێوبەری قوتابخانەکان لەبارەی جیاکارییکردن لەنێوان مامۆستایانی هەمیشەیی و وانەبێژەوە |
| 13 | مامەڵەکردنی مامۆستایانی وانەبێژ لە ناوەندەکان چۆن بوە؟ |
| 14 | بۆچونی بەرپرسانی پەروەردە لە بارەی مامۆستایانی وانەبێژەوە |
| 15 | پاری دوەم: مامۆستایانی گرێبەست<br>گرفتەکانی مامۆستایانی گرێبەست |
| 16 | ناچارکردنی مامۆستایانی گرێبەست بەوتنەوەی وانە |
| 17 | بەرپرسانی پەروەردە تا چەند هاوکاری مامۆستایانی گرێبەست بون؟ |

| | |
|---|---|
| 17 | رای بەرێوبەری قوتابخانەکان لەبارەی مامۆستایانی گرێبەستەوە |
| 18 | قسەی بەرپرسانی پەروەردە لە بارەی مامۆستایانی گرێبەستەوە |
| | بەشی سێیەم: راسپاردەکان |
| 20 | راسپاردەکان |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، تائێستا یەکەکە (42) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

*** دەستپێک**

بۆماوەی زیاتر لە هەشت ساڵە دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان راگیراوە کە هەمو سلکەکان روبەڕوی گرفت بونەتەوە لە نێویشیاندا کەرتی پەروەردە، کە بەهۆی زۆری ژمارەی فێرخوازەکانەوە بەردەوام پێویستی بە مامۆستای نوێ هەیە. ماوەی چەند ساڵێکیشە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ئەم سلکە لە مامۆستا، رێگەی دامەزراندنی مامۆستای گرێبەست و وانەبێژ گیراوەتەبەر.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان بۆ ساڵی 2018_2019 رێژەی مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری گەرمیان بەمشێوەیە:

| ژ | پەروەردەکان | وانەبێژ | گرێبەست |
|---|---|---|---|
| 1 | کەلار | 531 | 172 |
| 2 | کفری | 265 | 46 |

لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر کێشە و گرفتەکانی پەیوەست بەم مامۆستایانەوە، لەلایەک باس لەو تێبینی و سەرنجانە دەکەین کەلەبارەی ئەم پرسەوە هەیە بەگشتی بەتایبەتی لە دیدی فێرخوازانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە باس لە رەوش و داواکاری ئەو مامۆستایانە دەکەین.

### پاری یەکەم: مامۆستایانی وانەبێژ

#### 1. رای فێرخوازان لەبارەی ئاستی زانستی مامۆستایانەوە

بەشێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن هەندێک لە مامۆستایانی وانەبیژ ئاستی زانستیان باش نیە و ئەوەی لە پرۆگرام هەبوە نەیان توانیوە وەک خۆی بە فێرخوازانی بگەیەنن و "لە کۆڵی خۆیانیان کردوەتەوە"، هەندێکیشیان وانەیان بۆ فێرخوازە زیرەکەکان راڤە کردوە و لاوازەکانیان پشت گوێخستوە، ئەگەرچی بەشێک لە فێرخوازان رایان پێچەوانەیە.

رۆژ محەمەد حەسەن، قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی لە قەزای کەلار وتی: "ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبیژ زۆر خراپ بون، تەنانەت کە هەڵەیەکیشیان ئەکرد نەمان ئەوێرا بە مامۆستایانی میلاک بڵێین، چونکە پێیان ئەوتین نمرەتان لێ دا ئەشکێنین، بۆیە ئێمەش هیچ قسەمان نەدەکرد".

هەندێک لە فێرخوازان پێیان وایە مامۆستایانی وانەبێژ بۆ قۆناغی دوانزە گونجاو نیە، بەهۆی ئەوەی کە داهاتوی ئەو فێرخوازە ئەو قۆناغە دیاری دەکات و ئاستی زانستیان باش نیە.

بێخاڵ رەسوڵ، فێرخوازی قۆناغی دوانزەی زانستی لە ئامادەی (سەرقەڵا) لە ناحیەی سەرقەڵا لە سنوری پەروەردەی کفری دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبیژ باش نین بەتایبەت بۆ قۆناغی دوانزەکان، چونکە داهاتوی ئەو فێرخوازە لەو قۆناغەیە، ئەگەرچی لە مامۆستایەکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆرێت".

لەبەرامبەردا (محەمەد جەبار)، فێرخوازی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ئاسودە) لە ناحیەی پێباز باس لەوە دەکات: "ئاستی زانستی مامۆستایانمان باش بون خراپ نەبون، شارەزای باشیان هەبو لە بابەتەکاندا".

لە هەمان کاتدا، سازان حمە سالەح، فێرخوازی قۆناغی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (کاوە) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبیژ باش بون بە گشتی تەنانەت ئەو فێرخوازانەشی کە ئاستی زانستیان لاواز بو باشتر بون".

## 2. مامۆستایانی وانەبیژ و جیاکاری لەنێوان فێرخوازان

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، فێرخوازان باس لەوە دەکەن هەر مامۆستایانی میلاک نیە جیاکاری لە نێوان فێرخوازان دەکەن، بەڵکو وانەبێژەکانیش بەهەمان شێوەن و زیاتر گرنگی بە فێرخوازە "زیرەکەکان" دەدەن، ئەگەرچی هەندێکیش بە پێچەوانەوەیە.

پەیوەند سیروان، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری وتی: "جیاوازی ئەکرا لەلایەن مامۆستایانی وانەبێژەوە لە نێوان قوتابیە زیرەک و لاوازەکاندا زیاتر گرنگیان بە زیرەکەکان دەدا".

لەبەرامبەردا (هاوسەر محەمەد عەزیز)، فێرخوازی قۆناغی دوانزەی لە ئامادەی (کفری) لە قەزای کفری، ئەم رایە رەد دەکاتەوە "هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان فێرخوازان نەدەکرد بە پێچەوانەوە زۆر باش بون".

بە هەمان شێوە، محەمەد جەبار، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ئاسودە) لە ناحیەی پێباز باس لەوە دەکات: "ئەو مامۆستایانەی کە لای ئێمە بون هیچ جیاکارییەکیان نەدەکر لە نێوان فێرخوازەکاندا".

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن مامۆستایانی وانەبیژ وەک هاورێ وابون لەگەڵیان وەک لە مامۆستایانی میلاک و زیاتر لە فێرخواز نزیک دەبونەوە.

سازان حەمە سالح، فێرخوازی قۆناغی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (کاوە) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئەو مامۆستایانی کە وانەی بە ئێمە دەوتەوە وەک هاورێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین هێندە نزیک بون لێمانەوە".

## 3. هەڵسەنگاندنی فێرخوازان بۆتاقیکردنەوەکانی مامۆستایانی وانەبێژ

بەشێوەیەکی گشتی فێرخوازان باس لەوە دەکەن کە مامۆستایانی وانەبیژ شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان گونجاو بوە بۆیان هەندێکیش بە پێچەوانەوە.

رۆژ محەمەد حەسەن، قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی لە قەزای کەلار وتی: "لە تاقیکردنەوەکان باش بون، شێوازی پرسیارەکانیان ئاسان بو، مەگەر فێرخوازێک خۆی هیچ نەیخوێندایە دەرنەدەچون لێی".

بەپێچەوانەوە، هاوسەر محەمەد عەزیز، فێرخوازی قۆناغی دوانزەی لە ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری دەڵێت: "پرسیارەکانیان تایبەت بە خۆیان بو و شێوازی قورسیان بەکار ئەهێنا بۆیە تا رادەیەک قورس بو".

## 4. قوتابخانە و خوێندنگەکان تا چەند هاوکاری مامۆستایان بون؟

بەپێی زانیارییەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، مامۆستایانی وانەبێژ بەکەم سەیرکراون چ لە لایەنی ئیداری چ لە لایەن مامۆستایانی میلاکی ناوەندەکان تەنانەت بونی زۆرێک لە کێشەکان لە ناوەندەکان بەسەر ئەواندا ساغ کراوەتەوە و نەیان توانیوە داوای مافی خۆیان بکەن، ئەگەرچی بۆ بەشێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە بوە.

هۆزان فەریق، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "چ مامۆستایان چ لایەنی ئیداری ناوەندەکە سەرەتا باش نەبون لەگەڵم، بەڵام دواتر هەمویان باش بون و لەو کار و چالاکیانەی کە دەمکرد دەست خۆشیان لێدەکردم".

بەپێچەوانەوە، شنە محەمەد، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (حەوشکورو)ی بنەڕەتی لە ناحیەی قۆرەتو باسی لەوە کرد: "بەڕێوبەری قوتابخانەکەم و مامۆستایانی میلاکیش کەسانی زۆرباش بون و ئاسانکاری زۆریان بۆکردم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دڵنیانەبووم کەتاکۆتایی ساڵ لەوێ دەمێنمەوە یاخود دەردەکرێم، چونکە لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبووین کەمامۆستایی وانەبێژ جوابکراوەونێدراوەتەماڵەوە، ئەگەرچی پسپۆرییەکەم پێویستی بو بۆ ئەو ناوەندە".

وتیشی: یەکێکی تر لە گرفتەکانمان ئەوەبو کەمی کرێی وانەبێژیمان بو بەتایبەت بۆ لادێکان، چونکە ئەوەنەمان بۆ نەدەمایەوە کە بەشی ماندوبونەکەمان بکات.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن مامۆستایان و لایەنی ئیداری ناوەندەکان هاوکارێکی باشیان بون.

بێگەرد عوسمان، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (هەڵگورد)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری وتی: "چ مامۆستایان چ لایەنی ئیجاری هاوکارێکی زۆر باشم بون و زۆر یارمەتی دەرم بون لە روی هەمو شتێکەوە".

بەشێک لە مامۆستایان ئاماژە بەوە دەکەن هەمو ناوەندێک وەک یەک نیە لە روی هاوکارییان بۆ مامۆستایانی وانەبێژ و بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە.

سالار محەمەد عەبدوڵڵا، مامۆستای وانەبێژ لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لایەنی ئیداری زۆر هاوکارم بون و هیچ جیاکارییەکیان نەکردوە لەنێوان مامۆستای میلاک و نەبێژ، بەڵکو زۆر یارمەتی دەربون لە روی

ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامم دەدا لە ناوەندەکە و هاندەرێکی باشم بون، رەنگە ئەمە لە ناوەندەکانی تر پێچەوانە بوبێت".

## 5. رای مامۆستایانی وانەبێژ لەبارەی مامەڵەی بەرپرسانی پەروەردە

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن لایەنی پەروەردە و سەرپەرشتیارانی ناوەندەکان باش نەبون لەگەڵیان و هاوکار نەبون، تەنانەت وەک کرێکار چاویان لێکراوە و وەک خۆیان دەڵێن لەسەر شەقامەوە هاتون، ئەگەرچی بەشێکیان نەیان ویست ناویان بڵاو بکرێتەوە بەو پاساوەی کە رەنگە ساڵێکی دی وەرنەگیرێنەوە لە ناوەندەکان، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوەن.

بێگەرد عوسمان، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (هەڵگورد)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری وتی: "لایەنی پەروەردەش زۆر هاوکارم بون بەتایبەت کە سەرەتا عەریزەکەم ون ببو، بەڵام دواتر بەهۆی باشی بەشەکەم و بەرزی نمرەکەمەوە وەرگیرام".

لە هەمان کاتدا، ئەسما کەریم، مامۆستای وانەبێژ لە ئامادەی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "سەرپەرشتیار یەک جار هاتبو بۆلامان ئەویش من نەمبینی، چونکە لەوێ نەبوم، پەروەردەش هاوکار بون خراپ نەبون".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن پەروەردە هاوکارییان نەبوە بە تایبەت لە کۆتاییەکانی ساڵی خوێندن وەک خۆبەخشێک چاویان لێکراوە.

سالار محەمەد عەبدوڵڵا، مامۆستای وانەبێژ لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لایەنی پەروەردە هاوکار نەبون، بەتایبەت لە کۆتای ساڵ لە کاتی تاقیکردنەوەکان هیچ مادییان بۆ حساب نەکردین لەکاتێکدا تەواوی ساڵەکە ئێمە لەوێ بوین، تەنانەت وەک کرێکار سەیرییان دەکردین".

مامۆستایەک باس لەوە دەکات پەرپرسانی پەروەدە بە چاوێکی کەمتر لە مامۆستایانی میلاک چاوییان لێدەکەن و وەک مامۆستایەک نایان بین وا دەزانن لەسەر شەقامەوە هاتون.

ئەژین میکائیل، مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانەی (هەتاو)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "پەروەردە بە چاوێکی کەمتر لە مامۆستایانی میلاک سەیری دەکردین وەک مامۆستایەک ئێمەی نەدەبینی کە وانە دەڵێینەوە وەک ئەوە وابو کە لەسەر شەقامەوە هاتبێتین، بەڵام سەرپەرشتیار هاتوەتە لام زۆر باش بو هاوکارێکی باشم بو".

## 6. ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبێژ لە روانگەی بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە

بەڕێوبەرانی ناوەندەکان رایان جیاوازە لەبارەی ئاستی زانستی مامۆستایانی وانەبێژ لە ناوەندەکان، بونیان بە گرنگ دەزانن لە ناوەندەکان، ئەگەرچی هەیانە زۆر باشەوە و هەیانە خراپە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێنرێتەوە یەک لەوانە: بونی دەرفەتی وەرگرتنیانە بۆ ساڵانی تری خوێندن.

ئاراز فایەق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهیدانی کوڵەجۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "بە پێی ئەو چاودێرییانەی کە دەمکرد لە پۆلا ئاستیان زۆر باش بون و بە باشی ئەرکی خۆیانیان رای دەکرد، بەڵکو بۆشاییەکی زۆریان پڕکردبوە کە مامۆستامان نەبو".

بەڕێوبەرێک دان بەوەدا دەنێت کە لە ناوەندەکەی مامۆستای هەبوە ئاستی زانستی باش بوە هەشبوە بە پێچەوانەوە خراپ بوە.

دانا عوسمان محێدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: " وەکو ئاستی زانستی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە لای من وانەبێژ هەبوە ئاستی زانستی زۆر باشبوە، بە پێچەوانەوەشەوە هەمبوە هەر لە قوتابخانەکەی خۆم ئاستی زانستی خراپ بوە" .

هەندێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن نەک مامۆستایەکی وانەبێژ، بەڵکو میلاکیش ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکات لەلایەن ئیدارەوە جێگەی قبوڵ نیە.

کاوە ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئێمە 10 مامۆستای وانەبێژمان هەبوە، زۆر لێیان رازی بوم و ئاستیشیان زۆر باش بوە، بەڵام نەک وانەبێژ ئەگەر مامۆستایەکی میلاکیش بێت ئەرکی خۆی بەباشی جێبەجێ نەکات ئەوە ئیدارە لێی قەبوڵ ناکات لەو باوەڕەش نیم هیچ ئیدارەیەک کێشە بۆ مامۆستا دروست بکات".

بەڕێوبەرێک ئاماژە بەوە دەکات وانەبێژەکان جدین لە وتنەوەی وانەکانیان و ئاستیان زۆر باشە، رەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت کە دەرفەتی دامەزراندنی زیاتر بێت.

نەجیب عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری وتی: "ئێمە یەک مامۆستای وانەبێژمان هەبوە ئەوەی کە چاودێریم کردوە بە بەردەوامی زۆر باشتر بوە لە مامۆستا میلاکەکانی خۆم چ لە روی دەفتەری پلان چ روی شیکردنەوەی وانەکان و ئاستی زانستی، رەنگە ئەمەش هۆکاری ئەوە بێت کە ساڵێکی دی وەربگیرێتەوە و ئەو تموحەی هەبێت لە ساڵانی داهاتو بکرێت گرێبەست".

بەڕێوبەرێک پێوایە بونی وانەبێژ گرنگە بۆ پرۆسەی خوێندن، چونکە زانستی نوێ دەهێننە ناوەندەکان.

محەمەد جەمال رەوف، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری باس لەوە کرد: "بونی وانەبێژەکان گرنگە لە ناوەندەکانی خوێندن، چونکە زانستی نوێ دەهێننە ناو پرۆسەی خوێندن، هەشە بە پێچەوانەوەیە".

## 7. وەڵامی بەڕێوبەری قوتابخانەکان لەبارەی جیاکارییکردن لەنێوان مامۆستایانی هەمیشەیی و وانەبێژەوە

بەڕێوبەران بە کۆی گشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هیچ جیاکارییەک نەکراوە لە نێوان مامۆستایانی میلاک و وانەبێژ، بەڵکو بەیەک چاو تەماشا کراون، ئەگەرچی هەندێکیان ئەوە ناشارنەوە و دەڵێن ئەو جیاکارییە بونی هەیە.

دانا عوسمان محێدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "لە روی جیاوازییەوە هیچ کاتێک جیاوازیمان لەگەڵ وانەبێژدا نەکردووە و زۆریش رێزمان لێگرتون هەر وەک مامۆستایانی میلاک تەماشامان کردون".

بەڕێوبەرێک ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستایانی وانەبێژ لە ناوەندەکان گرنگە و وەک خۆی دەڵێت لە میلاکەکانی باشتر بوە.

نەجیب عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری وتی: "هیچ جیاکارییەکم نەکردوە لە نێوان ئەو مامۆستایەم و میلاکەکاندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر هاوکاری بوم وام لێکردبو بۆ بچوکترین شت دەهاتە لام".

بەهەمان شێوە، محەمەد جەمال رەوف، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری باس لەوە کرد: "بونی وانەبێژەکان لە ناوەندەکان دو دیوی هەیە، یەکەم: ئەقڵیەتی بەڕێوبەرکان و مامۆستایان بەرامبەر بە ئەوان، دوەم: تێگەشتنی وانەبێژەکانیش بۆ سیستەمی پەروەردە، چونکە هەبوە بەڕێوبەر بە ئەقڵیەتی کۆنەوە مامەڵەی کردوە و وەک مامۆستایەک نەیبینیوە، هەشە بەپێچەوانەوەیە".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان مامۆستایانی میلاک و وانەبێژ، بەڵکو تەواوکەری یەکترن.

ئاراز فایەق، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهیدانی کوڵەجۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هیچ جیاکارییەکم نەکردوە لە نێوان مامۆستایانی میلاک و وانەبێژ بەڵکو تەواوکەری یەکتر بون لە بەڕێوبردنی ناوەندەکە".

هەندێک لە بەڕێوبەر دان بەوە دەنێن کە جیاکاری هەیە لە نێوان مامۆستایانی میلاک و وانەبێژ تەنانەت ئەگەر لەلایەن خودی مامۆستایان خۆشیانەوە بێت کە خۆیان بە پلەیەک بەرزتر تەماشا دەکەن.

کاوە ئیبراهیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "راستە نەک هەمو ناوەندەکان، بەڵکو لەلای منیش رەنگە حاڵەتی وا هەبوبێت کە جیاکاری کرابێت، ئەویش لەلایەن خودی مامۆستایان خۆیانەوە کە میلاکەکان پلەیەک لە وانەبێژەکان خۆیان بەرزتر دەبینن لەکاتێکدا ئەوەی هەیە تەنها فەرمانەکانی ئەوان کاتین و ئەمان رەسمین".

## 8. مامەڵەکردنی مامۆستایانی وانەبێژ لە ناوەندەکان چۆن بوە؟

بەکۆی گشتی بەڕێوبەرانی ناوەندەکان و بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستایانی وانەبێژ گونجاو و باش بوە لە ناوەندەکان لەگەڵ فێرخوازان، ئەمە لە کاتێکدایە فێرخوازانیش هەمان رایان هەیە.

دانا عوسمان محێدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "بەگشتی شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوتابی باشبوە، لێرەشدا چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵ قوتابیدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت، وە بە دڵنیایشەوە کەموکورتیان هەبوە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیاندا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئەزمونێکی زۆر لە کارکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخوازدا.

بە هەمان شێوە، عومەر محەمەد سلێمان، بەڕێوبەری ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار وتی: "ئێمە یەک مامۆستای وانەبێژمان هەیە، مامەڵەکردنی لەگەڵ فێرخوازان زۆر باش بوە".

## 9. بۆچونی بەرپرسانی پەروەردە لە بارەی مامۆستایانی وانەبێژەوە

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن کە بەهەمو شێوەیەک هاوکاری مامۆستایانی وانەبێژ بون لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەوەشی کە دەوترێت لە بەرامبەر تاوانبارکردنیان ڕەتی دەکەنەوە.

یونس ئەحمەد مەحمود، سەرپەرشتیاری پەروەردەی بیرکاری لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "بەپێی ئەو سەردانانەی کە کردومن بەتایبەت ئەوانەی کە پسپۆڕی خۆیان بون ئاستی زانستیان باشبون و بە تایبەت تر ئەو ناوەندانەی کە کراون بە ئینگلیزی، بەڵام ئەوەکانی تر کە پسپۆڕی خۆیان نەبون یەکەمجار باش نەبون، بەڵام دواتر باش بون".

وتیشی: هیچ سەرپەرشتیارێک وشەی نەشیاوی بەکار نەهێناوە، هەر مامۆستایەکیش کە شتێکی وای وتوە با ناوی سەرپەرشتیارەکە بهێنێت.

لە هەمان کاتدا، قادرئیسماعیل، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی فیزیا لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "چۆن سەردانی مامۆستایانی میلاکمان کردوە بەوشێوەیەش سەردانی وانەبێژەکانمان کردوە، بەڵام هەڵسەنگاندنیان نیە، لەگەڵ ئەوەش ئەو مامۆستایانەی کە دانراون لە ناوەندەکان زۆربەی هەرە زۆری ئاگامان لێ نەبوە ئاستی زانستیشیان باشە".

وتیشی: نەبوە ئێمە بە مامۆستایانی وانەبێژ بڵێن کرێکار، هەر سەرپەرشتیارێک وای وتبێت با ناوی بهێنن، بۆیە ئەوە ڕەت دەکەینەوە.

بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: ئاستی زانستی مامۆستایان باش بوە و لێیان ڕازی بوە و خولیشیان بۆ کردونەتەوە.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "ئێمە بە دو وەجبە لە وانەبێژەکانمان دانا بەپێی نمرەکانیان و هەڵبژاردن بوە، بەشەکەی تریش کە دامان نا تەواوکاریی ئەوەکەی تر بوە".

باس لەوەش دەکات دەستنیشانکردنەکەیان ب ئەمساڵ بە لیژنە کراوە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکان و بە چاوپێکەوتن، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە وانەکانیان کراوە بە ئینگلیزی، ئەوەکانی تریش بەپێی پێویستی بوە.

دەشڵێت: "زۆر هاوکارییان بوم و زۆریش لێیان ڕازیم بەتایبەت ئەوانەی لادێ دورەکان، هەروەها خولیشمان بۆیان کردوەتەوە".

وتیشی: کە باس لەوە دەکەن کە دەڵێن کرێکار ئەوە وانیە، وەڵکو وەزارەتی داراسی ئەو پارەیەی کە بۆیان سەرف دەکات بە (کرێی وانەبیژی) ناویان هێناوە و وەزارەتیش بەو شێوەیە و ئێمەش لەسەر ئەوە دەڕۆین.

باسیلەوەشکرد: بەپێی ڕێنماییەکان بەهۆی ئەوەی کە مامۆستای میلاکمان هەبوە بۆیە وانەبێژ لەسەر هۆڵی تاقیکردنەوەکان دانراون، لەگەڵ ئەوەش لەو شوێنانەی کە پێویستمان بوە دامان ناون و مادیشمان بۆیان سەرف کردوە.

بەڕێوبەرانی پەروەردە باس لەوە دەکەن پەروەردە هاوکاری تەواوی مامۆستایانی وانەبێژ بوە.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری باس لەوە دەکات: "نەک مامۆستایانی وانەبێژ، بەڵکو تەواوی کوردستان هیچ فلتەرێکی وای نیە بۆ ئەو کەسەی کە دای دەنێت تا ئاستی زانستی دیارییبکات، دواتر ئەوەی کردومانە بە لیژنە بوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو مامۆستایانەی کە پسپۆری خۆیان بون و سلکی پەروەردەیان خوێندوە باش بون، بەڵام ئەوانی دیکە کەمتر".

وتیشی: هەر مامۆستایەکی وانەبێژ وتبێتی پەروەردە هاوکارمان نەبوە راست ناکات، بەڵکو ئەوەی کە کردویانەی بە کات بوە و بەو پێوەرەش پارەیان بۆ سەرف کراوە.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان باس لەوە دەکات مامۆستایانی وانەبێژ بە فلتەری هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی تێپەڕ نەبون کە دانراون لە ناوەندەکانی خوێندن.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لە بارەی مامۆستایانی وانەبێژەوە وتی: "وانەبێژ هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکرێت، بەڵکو تەنها ئەو بۆشاییەیان پڕکردوەتەوە کە هەبوە لە پەروەردە، دواتر فلتەری وانەبوە ئاستی زانستیان دیاریبکات، بەس تەنها یەک شت هەیە ئەویش ئەوە بوە خولمان بۆیان کردوەتەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە هەستیار بون و پێویستی بوە".

وتیشی: بەهۆی کەمی ئەزمونیانەوە ئاساییە کە ئاستی زانستیان باش نەبێت وەک مامۆستایانی دیکە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە دانەمەزراون هەست بە بەرپرسیارێتی تەواو ناکەن.

## پاری دوەم: مامۆستایانی گرێبەست

### 1. گرفتەکانی مامۆستایانی گرێبەست

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان مامۆستایانی گرێبەست کۆمەڵێک گرفتیان هەیە کە دیارترینان ئەوەیە نە دەتوانن بگوازنەوە نە کراون بە هەمیشەیی سەرباری ئەوەی کە پێیان وتراوە بۆ ماوەی سێ ساڵ بە گرێبەستی دەمێننەوە.

بڕوا ئیسماعیل، مامۆستای گرێبەست لە ئامادەیی (ئاوەسپی) لە ناحیەی زینانە وتی: "گەورەترین گرفتی ئێمە ئەوەیە کە ناکرێین بە هەمیشەیی کە چەند ساڵە دەوام دەکەین، یان ئەوەیە کە گواستنەوەمان بۆ ناکرێت بۆ سەنتەری شار، بەڵکو لە دەرەوەی شارین، ئەگەرچی من لە شاریش و لە لادێش دەوام دەکەم بۆ پڕکردنەوەی بەشە وانەکانم".

مامۆستایەک بە نائومێدییەکی زۆرەوە باسی لەوە دەکرد کە لە زۆر شت بێبەش بون بەهۆی ئەو گرێبەستەی کە کردویانە.

محەمەد تۆفیق محەمەد، مامۆستای گرێبەست لە قوتابخانەی (عەولاقوت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە بۆ ماوەی چەند ساڵە دەوام دەکەین نەکراوین بە هەمیشەیی، لە کاتێکدا پێیان وتین لە دوای سێ ساڵ دەکرێن بە هەمیشەی".

وتیشی: لە زۆر شت بێبەشین، ناتوانین ببین بە کەفیل، سەرباری ئەوەی نامانگوازنەوە بۆ ناوەندەکانی سەنتەری شار، هەروەها لە کاتی قەیرانی دارای بە نیوە موچەمان لێداشکێنرا.

بەگشتی مامۆستایانی هەمیشەیی، پاش چەند ساڵێک دەوامکردن لە لادێکان، دەتوانرێت بگوێزرێنەوە سەنتەری شارەکان، بەڵام بۆ مامۆستایانی گرێبەست وانیە، ئەمەش یەکێکە لەدیارترین کێشەکانیان.

شاناز سەعید ساڵح، مامۆستای گرێبەست لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان باس لەوە دەکات: "ئێمە ئەوەنە گرفتمان زۆرە پێویستی بەوەیە کە فایلێکی بۆ بکەینەوە، یەک لەوانە ناتوانین بگوازینەوە هەروەها بۆماوەی چەند ساڵە دەوام دەکەین نەکروین بە هەمیشە، سەرباری ئەوەی کە هەتا قەیران بوە ئێمە بری (250) هەزارمان وەرگرتوە کە چەن دورین لە شارەوە".

وتیشی: ناتوانین بچوکترین شت بڵێن پێمان دەڵێن ئێوە گرێبەستن.

مامۆستایانی گرێبەست باس لەوە دەکەن دوای چەندینجار خۆپیشاندان و داواکردن تا ئێستا نەکراوین بە هەمیشەی سەرباری چەندین ساڵ دەوام.

ئەحمەد فەیسەڵ، مامۆستای گرێبەست لە قوتابخانەی (چرچەقڵا)ی بنەڕەتی لە ناحیەی شێخ تەویل باس لەوە دەکات: " گرفتێکمان ئەوەیە کە مافی یاسای خۆمان تەواو کردوە کە پێویستە بکرێین بە هەمیشەی لە دوای (3) ساڵ، بەڵام نەکراوە، سەرباری ئەوەی چەندیدن جار خۆپیشاندانمان کردوە، لە کاتێکدا لە ناوەندەکەی ئێمە (14) مامۆستای گرێبەست هەیە".

## 2. ناچارکردنی مامۆستایانی گرێبەست بەوتنەوەی وانە

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە ناچار کراون بەوەی کە وانەی دیکە وەربگرن بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان سەرباری ئەوەی کە ئەو گرێبەستەی کردویانە بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان وانەی دیکە نەڵێنەوە، هەندێکیش بە پێچەوانەوە.

شاناز سەعید ساڵح، مامۆستای گرێبەست لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان باس لەوە دەکات: "ساڵی پار بەتایبەت کە ئەم ناوەندەی ئێستا تێیدام ناچار کرام کە بابەتەکانی وێژەییەکان وەرگرم بەهۆی ئەوەی کە گرێبەستم و زانستیەکانینا پێنەدام، دواتر بابەتی دیکەیان پێدام کە پسپۆری خۆم نیە، دواتر ساڵێکی ترم بە پێنج پۆلی جیاواز و پێنج بابەتی جیاوازم وتوەتەوە".

هەندێک لە مامۆستایان گرفتێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵام هەبوە ک ناچار بە وانە وتنەوە کراون بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان.

بڕوا ئسماعیل، مامۆستای گرێبەست لە ئامادەیی (ئاوەسپی) لە ناحیەی زینانە وتی: "ئەگەرچی من کێشەیەکم نیە، بەڵام هەبوە روبەروی ئەوە بوەتەوە کە بەشەوانەی زۆری پێدراوە و نەیتوانیوە داوای مافی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی گرێبەست بوە ترساوە لەوەی گرێبەستەکەی هەڵوەشێننەوە".

لەهەمان کاتدا مامۆستای دیکە هەیە کە باس لەوەدەکات ناچار بە وتنەوەی وانەی تر نەکراوە.

محەمەد تۆفیق محەمەد، مامۆستای گرێبەست لە قوتابخانەی (عەولاقوت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "هیچ ناچار بەوە نەکراوم کە وانە و پسپۆری دیکە بڵێمەوە بەدەر لەوەی کە ویستی خۆمی لەسەر بوە".

## 3. بەرپرسانی پەروەردە تا چەند هاوکاری مامۆستایانی گرێبەست بون؟

بەشێک لە مامۆستایانی گرێبەست باس لەوە دەکەن کە لایەنی پەروەردە هاوکار نەبوە لەو داوایانەی کە کردویانە، بەڵکو هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێت کە گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

شاناز سەعید ساڵەح، مامۆستای گرێبەست لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان باس لەوە دەکات: "وەک کرێکارێک دەمان بینن، من خۆم داوام کرد بمگەڕێننەوە ناوەندەکەی خۆم کە پێشتر لێی بوم لە (شێخ تەویل)، کە قسەم لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەم کرد وتی دەبێت بچیتەوە ئامادەیی (هەواسان) وتم ناچم، وتی کەوایە گرێبەستەکەت هەڵدەوەشێنمەوە و تۆ گرێبەستی مەیلی هەرشێوێنێکم هەبێت فرێت دەدەمە ئەوێ و تەلەفۆنەکەی داخست بەسەرمدا".

وتیشی: پەروەردە هیچ هاوکار نیە لەگەڵمان، سەربارى ئەوەی ئەو ئەرکە قورسەمان لەسەرە زیاتر لە مامۆستایەکی میلاک.

لە هەمان کاتدا، ئەحمەد فەیسەڵ، مامۆستای گرێبەست لە قوتابخانەی (چرچەقڵا)ی بنەڕەتی لە ناحیەی شێخ تەویل باس لەوە دەکات: "ئێمە گلەییەکمان هەیە لە وەزارەت و بەرپرسانی پەروەردەش بە تەواوی ساڵ دەوام دەکەین و وانە دەڵێینەوە و تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەین، کەچی رێگە نادەن لەسەر هۆڵی تاقیکردنەوەکانی قۆناغی (12)ەکان بین".

## 4. رای بەڕێوبەری قوتابخانەکان لەبارەی مامۆستایانی گرێبەستەوە

بەڕێوبەرانی ناوەندەکان باس لەوە دەکەن کە مامۆستایانی گرێبەستیان ناچار بە هیچ شتێک نەکردوە ئەوەشی کە کردویانە ئەرکی خۆیان بوە و پێویستە جێەجێی بکەن، دەشڵێن: هیچ جیاکارییەک نیە لە نێوان مامۆستایانی گرێبەست و میلاک.

جەمال تۆفیق، بەڕێوبەری ئامادەیی (باخان) لە ناحیەی مەیدان باس لەوە دەکات: "هەر مامۆستایەکی گرێبەست بەپێی پسپۆری خۆی وانە دەڵێتەوە، بەدەر لەوانەی کە بەشە وانەکانیان کەم بێت و تەوای بکەن بە بابەتەکانی دیکە ئەوەش بە رەزامەندی خۆیان، نەشبوە هیچ جیاوازییەک بکەین لە نێوان مامۆستای گرێبەست و میلاک، بەڵکو هەردوکیان هەر مامۆستان".

هەندێک لە بەڕێوبەران دان بەوە دەنێن ئەگەر مامۆستایانی گرێبەست نەبێت ئەوە ناچار دەبن ناوەندەکەیان دابخەن، چونکە میلاکی پێویستیان نیە.

ساری بەهادین، بەڕێوبەری ئامادەیی (عەزیز قادر) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "ئێمە (7) مامۆستای گرێبەستمان هەیە کە ئەوان نەبن ناوەندەکەمان فەشەل دەهێنێت، چونکە ئێمە (13) مامۆستاین و (3) دانەشیان وانەبێژن، تەنانەت زۆر هاوکاریشیانین، ئەگەرچی کۆمەڵێک رێنمای هەیە کە ئەوان ناتوانن بەشدار بن بۆنمونە ناتوانن لەسەر هۆڵی تاقیکردنەوەکانی پۆلی دوانزە بن".

وتیشی: ناتوانن ببن بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان ئەمەش بۆخۆی ئەوان نیگەران دەکات، ئەگەرچی ئەمکارە لە دەستی ئێمە نیە بەڵکو وەزارەت ئەو بڕیارەی داوە.

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات کە هیچ جیاکارییەک نیە لە نێوان مامۆستایان، ئەوەشی هەیە ئەرکی خۆیانە جێبەجێی دەکەن و کەسیان ناچار بە وانەوتنەوە نەکردوە بەدەر لە پسپۆڕی خۆیان.

نورەدین حەمید عەباس، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاوەزە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "هەمو شتێک بە تێگەشتن کردومانە و هیچ جیاکارییەک نیە لە نێوان مامۆستایانی میلاک و گرێبەست، هیچ مامۆستایەکیش ناچار بە وانەوتنەوە نەکراوە ئەوەی کراوە تەواوکردنی بەشە وانەی خۆی بوە و بەیەکسانی دابەشمان کردوە".

ئیمان محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (گەرمکی شاتری)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز هەمان ڕای هەیە و دەڵێت: "ئەو مامۆستایانەی کە لەلای منن چ گرێبەست چ میلاک ئەرکی خۆیانیان جێبەجێکردوە، هیچ ناچارم نەکردون بەوەی کە وانەی تر بڵێنەوە، بەڵکو بەشە وانەی خۆیانیان وەرگرتوە و جگە لە هی خۆی ئامادە نەبوە وانەی تر بڵێتەوە".

## 5. قسەی بەرپرسانی پەروەردە لە بارەی مامۆستایانی گرێبەستەوە

سەرپەرشتیاران و بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن ئەوەی کە کردویانە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت بوە بۆ مامۆستایانی گرێبەست، چونکە ناوەکەیان بە خۆیانەوەیە و گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەت کردوە لەسەر کۆمەڵێک مەرج کە بەزۆر پێیان نەکراوە.

قادر ئیسماعیل، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی فیزیا لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "لەراستیدا داواکاری مامۆستایان بۆ گواستنەوە کە داوا لە سەرپەرشتیار دەکات ئێمە کە نایکەین خۆ بۆ ماڵی خۆمان نیە، بەڵکو لە بەرژەوەندی ناوەندەکەیە و مامۆستایانی گرێبەست بۆیان نیە گواستنەوە بۆ سەنتەری شار بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە دەوترێت گرێبەستەکەت هەڵدەوەشێنرێتەوە تەنها زارەکیە و نەبوە بە واقعی".

سەرپەرشتیارێک باس لەوە دەکات چ مامۆستایانی گرێبەست چ میلاک لە قۆناغی بنەڕەتی هەمو پسپۆڕییەکان دەڵێنەوە و کەسیش ناچار بەوە نەکراوە بەزۆر وانە وەربگرێت.

مەجید حەمید ساڵەح، سەرپەرشتیاری پەروەردەی زانستەکان لە پەروەردەی کەلار باس لەوە دەکات: "لە ناوەندەی بنەڕەتی چ میلاک بێت چ گرێبەست پسپۆڕییەکانی دیکە دەڵێنەوە و ئاساییە بۆ پڕکردنەوەی بەشە وانەیە، بۆیە گرێبەستەکان ناچار نەکراون بەوەی کە وانەی تر بڵێنەوە و بە زۆریش نەگوازراونەتەوە ناوەندێکی دیکە، ئێمە سەردانیان دەکەین نەبوە مامۆستایەک کێشەیەک دروست بکات و گرێبەستی هەڵبوەشێنرێتەوە".

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن کە مامۆستایانی گرێبەست ناوەکەی بەخۆیانەوەیە و گرێبەستیان لەسەر کۆمەڵێک مەرج کردوە.

ئسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، ئاماژەی بەوەکرد: "ئەو مامۆستایانەی کە گرێبەستیان کردوە کاتی خۆی کۆمەڵێک مەرجی تێدایە و پێوەی پابەند بون، بۆیە گرێبەست ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک ڕێنماییان گۆڕانکارییان تێدا کرا یەکێک لەوانە مۆڵەتی دایکایەتی و کۆمەڵێک مۆڵەتی ترە، هەمو ساڵێکیش ئەو گرێبەستە نوێ دەکاتەوە لەگەڵ وەزارەت".

وتیشی: تەنانەت کە لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکە بیانگوێزیتەوە دەبێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بگەڕێیتەوە وەزارەت، چونکە بەپێی گرێبەستەکەی ئەبێت لەو ناوەندەبێت کە دەستنیشان کراوە.

**لە بەرامبەریشدا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: "ئێمە هەمیشە لەگەڵ وەزارەت باسمان لەوە کردوە کە بکرێن بە رەسمی، لەبارەی ئەوەی بۆ تا ئێستا نەکراون ئەوەیان لای ئەوانە و هۆکارەکەشی قەیرانی داراییە".**

**وتیشی: هەر گرێبەستێکیش بۆماوەی سێ ساڵ دەتوانێت دەوام بکات، بۆ گواستنەوەش ناکرێت؟ چونکە گرێبەستە و ناوەکەشی بەخۆیەوەیەتی، بەپێی رێنماییەکان هەر دەستکاری کردنێکی گرێبەستەکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە".**

## بەشی سێیەم: راسپاردە

**یەکەم: مامۆستایانی وانەبێژ**

1. ئەتوانین بەگشتی بڵێین بەگوێرەی ئەو پێدراوانەی کە هەن و ئەو بەدواداچونەی کە کردومانە، پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستای وانەبێژ تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو بوە و توانیویەتی بەشێکی بەرچاوی کێشەی کەمی میلاکی مامۆستا پڕبکاتەوە و ئەمەش هاوکاریی ناوەندەکان بون بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و خودی فێرخوازان، سەرباری ئەوەی پشتیوانێکی باشی مامۆستایانی دیکە بون.

2. ئاستی مامۆستایانی وانەبێژ جیاوازە و وەک یەک نیە، ئەگەرچی بەگشتی راکان لەسەر ئاستی زانستییان باشە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە جیاواز لە دامەزراندن و گرێبەستەکان، بۆ دامەزراندنی ئەمان بەوانەبێژ، پشت بەستراوە بە نمرە و ئاستی زانستییان. ئەم خاڵەش خاڵێکی زۆر ئیجابیە و پێشنیاز دەکەین پەروەردە و سەرجەم سێکتەرەکانی تر لەداهاتودا کاری لەسەر بکەن و بەسودی دەزگا و حکومەت و هاوڵاتیانیش دەشکێتەوە.

3. تەنها خولێکی سەرەتایی بۆ ئەو مامۆستایانە کراوەتەوە، ئەو خولەش بۆ کەسێک کە پێشتر ئەزمونی وانەوتنەوەی ئەوەندە نەبوێت زەحمەتە ببێتە هۆی دروستکردنی مامۆستایەکی تەواو، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە ساڵانە زوتر مامۆستایانی وانەبێژ دەستنیشان بکرێن و لەپشوەکانی هاویندا خولی ماوەدرێژیان بۆ بکرێتەوە و بەتەکنیکە تازە و بنەڕەتیەکانی وانەوتنەوە و مامەڵەکردن لەناوەندەکانی خوێندن و لایەنی کارگێڕی خوێندنگاکان ئاشنا بکرێن.

4. هەندێکجار مامەڵەی نەشیاو و نایەکسان لەگەڵ مامۆستایانی وانەبێژ کراوە، وەک بەکەم سەیرکردنیان و یان بە گرنگ وەرنەگرتنیان، ئەمەش دژە بە بنەما بنچینەییەکانی مافی مرۆڤ، بۆیە پێویستە پەروەردە لەم روەوە رون بێت و ساڵانە بە نوسراوی فەرمی هۆشداریی بدات لە هەر جیاوازیی کردنێک لە تێڕوانین و مامەڵە لەگەڵ ئەم مامۆستایانە لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەکانەوە.

5. بەشێکی جیاکاریەکان و تێڕوانینی کەم بۆ مامۆستایانی وانەبێژ لەلایەن مامۆستایانی دیکەوەیە، بۆیە بەهەمانشێوە پێویستە پەروەردە بەنوسراوی فەرمی ساڵانە ناوەندەکان ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایانیان ئاگادار بکەنەوە کە بونی حاڵەتی وەها قبوڵکراو نیە و مامۆستاکە روبەڕوی سزادەکاتەوە.

6. بەگشتی پێدراوەکان پێمان دەڵێن مامۆستایانی وانەبێژ لەوانەوتنەوە و ئەزمونی وانەوتنەوەدا ناگەن بە مامۆستایانی هەمیشەیی، بەڵام لە رەفتار و شێوازی مامەڵەدا، بەوپێیەی کە رەنگە تەمەنیان گەنجتر بێت، فێرخوازان بە بونیان دڵخۆشن و پێشوازیان لێدەکەن، بۆیە گرنگە پەروەردە ئەم بوارە رەچاو بکات و بەتایبەت بۆ قۆناغی پۆلە کۆتاییەکان و ئەو بابەتانەی هەستیارن و تەرکیزی زۆر لەسەرە، پێشتر خولی پێویستیان بۆ بکاتەوە یاخود تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێویستیان بۆ ئەنجام بدات، بەمەرامی سەرکەوتنیان لەو ئەرکە و هەروەها هاوکاریکردنێکی باشتری فێرخوازان بۆ فێربون و تەواوکردنی مەنهەج و وانەکانیان بە باشیی.

**دوەم: مامۆستایانی گرێبەست**

1. گەورەترین کێشەی مامۆستیانی گرێبەست ئەوەیە کە رەوشی خۆیان بە مۆلەقی و هەڵواسراویی دەبیننەوە، بەوەی نە وەک فەرمانبەری هەمیشەیی مامەڵە دەکرێن و نەوەک کاتی. ئەگەرچی لە گرسێبەستەکاندا ئەم پرسانە رونکراوەتەوە، بەڵام بونی بەڵێنی هاوشێوەی کردنیان بە فەرمانبەری هەمیشەیی، هەندێکیانی والێکردوە دواکەواتنی ئەو کارە بێئومێد و نیگەرانیان بکات، ئەمەش رەنگە بەسەر ئاستی وانەوتنەوەی ئەو کەسەدا رەنگ بداتەوە و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن و لەسەر فێرخوازان دروست بکات.

2. مامۆستایانی گرێبەست هیچ سەندیکا و دەستەیەکیان نیە داکۆکییان لێبکات، چونکە لە یەکێتی مامۆستایان بە ئەندام وەرناگیرێن و خۆشیان سەندیکایان نیە، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە ئەو مامۆستایانە خۆیان دەستە و سەندیکای تایبەت بە خۆیان دروست بکەن بەپشتبەستن بە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی باشتر داکۆکی لە خۆیان بکەن و لایەنێک هەبێت کە نمایندەی ئەوان بکات لەکاتی هاتنەپێشەوەی کێشەکان دا.

3. پێویستە پەروەردەکان رون و راشکاو بن لە مامەڵەیان لەگەڵ مەرجی مانەوەی مامۆستای گرێبەست لەو ناوەندەی کە تیایدا دامەزراون، بەوەی ئایا دەتوانن بگوێزینەوە ناوەندی دیکە؟ ئەگەر وەڵامەکە "نا"یە، ئەوە جەختی لێبکرێتەوە و هەروەک رێگە بە گواستنەوەی "لابەلاش" نەدرێت کە گومان دروست دەکات، ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ"یە، ئەوا دەبێت ئالیەتێک بۆ ئەم بوارە دەستنیشان بکرێت و پەروەردەکان رۆڵیان هەبێت لەم بڕیاردانە.

4. ئەنجامدانی خولی راهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایانی گرێبەست یەکجار گرنگ و پێویستە، چونکە ئەزمونی دو سێ ساڵ بەس نیە بۆ ئەوەی کەسێک بە تەواوی پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵکو پێویستە بە ئەزمون و بنەمای دیکەی زانستیی رابهێنرێت، بەتایبەتی لەروی مامەڵە و ئاستی زانستییەوە.

5. بەکەم سەیرکردن و بە گرنگیی وەرنەگرتنی مامۆستایانی گرێبەست، لەروی دەرونیەوە کاری زۆری کردوەتەسەریان، ئەمەش مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کار بکاتە سەر وانەوتنەوەیان و دواجار فێرخوازان و پرۆسەی پەروەردەش لێی زیانمەند بن، بۆیە پێویستە پەروەردەکان بە نوسراوی فەرمیی سەرپەرشتیار و ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستایانی هەمیشەیی ئاگادار بکەنەوە لە جیاکاریی نەکردن لەنێوان مامۆستایانی هەمیشەیی و گرێبەست و دانانی رێوشوێنی پێویست بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم کارە دەکەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07480207400 - 07702303676
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org